# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

**(بەشی هەشتەم)**



**نوسینی: کری ڤۆلف**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەممەدی قازی**

**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## ملکزی و بێدەنگی لە بەرامبەر بەدفەڕی و زۆرداری، ئەمەیە کاکڵی ئامۆژگاریەکان!

بەمجۆرە دەبینین کە ئینجیلەکان ڕەنجدەران فێردەکەن دەنگیان نەیەت و خۆیان بۆ زۆرداران برەتێننەوە. فێریان دەکەن وەکوو مانگا بەتاقەت و بوردەبار بن، سەرهەڵنەدەن، چاوبەژێر بن. سەروەتی زۆر بۆ زۆرداران کۆوە بکەن، بە نانی رەش و هەڵوەدایی قنیات بکەن. پێیان دەڵێن: دەبێ دایم شوکرانەتان لە یادا بێ، کە خاوەنتان نانی ڕەشتان لێ نابڕێ. پێیان دەڵێن: دەبێ تا دواتەمەن چۆك دابدەن، دان لەسەر جەرگی خۆ بگرن. «هەموو خەڵکی ڕقیان لێتان دەبێتەوە لە پێناوی ناوی من، بەڵام ئەوەی تا کۆتایی خۆی ڕادەگری، ئەوە رزگاریی دێت» »[ ئینجیلی ناسراو بە مەرقۆس، بەشی ١٣، ئایەتی ١٣]. بەڵام تا کام کۆتایی؟ ئینجیل وەڵام دەداتەوە، تا ئاویلکە و ئەولاتر چوون.

پێیان دەڵێن: ئەگەر تێتهەڵدەدەن، ئەگەر وەکوو چوارپێ سەیرت دەکەن، دەرهەڵ مەبە. تۆ دەبێ تا دواپشوو شان دابخەی، مرقەت نەیێت. « بەڵام من پێتان دەڵێم: بەربەرەکانێی خراپە مەکەن بە خراپە، ئەوەی کێشای بە روومەتی ڕاستت، ئەوی کەشی بۆ ڕاگرە« [ ئینجیلی ناسراو بە مەتتا، بەشی ٥، ئایەتی ٣٩].

پێیان دەڵێن: ئەگەر تێیان هەڵدای، دەنگت نەیێ، خۆت جیڕمەکە و ڕامەپسکێ، هەر مەپرسە، ئەمە بۆ خۆت زۆر چاترە، چونکا ئیتر لە پەسڵاندا باری پاداش



چاوەڕێتە. ئا بەم فکرە تۆ دەتوانی دڵی خۆشت بدەیتەوە، لا روومەتی خۆت ڕابگرە تا لێی بدەن، قەیدی چییە؟ بەڵام قەت بیری خراپ لە ئاست ئەوان رووت تێ نەکات. ئەتۆ دەبێ دوژمنی چینایەتییەکەت هەر خۆش بوێ، ئەوە نیە ئینجیلی مەتتا دەڵێ: «بەڵام من پێتان دەڵێم، دوژمنەکانتان هەر خۆش بوێ، داوای بەرەکەت بۆ ئەو کەسانە بکەن کە توكونزاتان لێدەکەن، چاکە بکەن و نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوە»[1] [ ئینجیلی ناسراو بە مەتتا، بەشی ٥، ئایەتی ٤٤].

ئاخر پێم ناڵێن بۆچی؟ بۆچی دەبێ بێ ئەملاولا سەبرم هەبێ و لە ئاست زوڵم و زۆرا سەردابخەم؟ بۆچی دەبێ شانم لەبەر قەمچی ئاغادا بێ و کاتێ تفم لێدەکات، بە بوردەباری و سەرکزی بیسڕمەوە و بزەشم بێ؟! بۆچی دەبێ شەرافەتی ئینسانی و کوێرەوەرییەکانم پێخوستی بێ؟ چ کەسێك پێویستی بەم هەموو شەرم و سووکایەتییە هەیە؟ ئەم وەزعە بە قازانج و بەرژەوەندی کێیە؟

ئەم دەستور و حوکمە "شەرعییە" تەنیا بۆ ئەو کەسانە باشە کە شیرەی خوێنی ملوێنەها ئینسان دەمژن. ئەم فێرکراوانە درگای ئارخەیانی و خۆش لێخوڕی بۆ زۆرداران دەکاتەوە. تا ئاوسارپساوانە تێیتەقێنن، تا بەردەوام درێژە بە کاری بێ شەرمانە و نامرۆڤانەی خۆیان بدەن. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئینجیلەکان بە دەرس و فێرکردەکانی خۆیان دەستی زوڵمی ستەمکاران دەگوشن و یارمەتییان دەدەن. ئەمە ناوەڕۆکی چەوسێنەرانەی فێرکردەکانی ئینجیل وەدیار دەخات.

ئینجیلەکان خەڵك بە داسەکنان و لێبوردەیی ئامۆژگاری دەکەن، لە هەمان کاتیش بەرگی "پیرۆز بوون" بە بەر قەوارەی کۆمەڵگای بنیاتنراو لەسەر بنەمای چەوساندنەوەدا دەکەن. قەت ئەوە ناڵێن کە سیستەمی چەوساندنەوە خۆی لە خۆیدا

[1] ـ ئەم ئایەتە لە ئینجیلی مەتتا بە زمانی کوردیدا ئا بەمجۆرە کورتکراوەتەوە : بەڵام من پێتان دەڵێم، دوژمنەکانتان هەر خۆش بوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە».

خراپ و زاڵمانەیە. بە پێچەوانە بە ئاشکرا دەڵێن خوا ئەو سیستەمەی بڕیوەتەوە و خۆی دایناوە، ئیتر چۆن دەکرێ کرێت و زۆردارانە بێت.

ئینجیلەکان بەجۆرێك باسی ئەو سیستەمە رووهەڵماڵدراو و بێ شەرمانەیە دەکەن، تۆمەز رژیمێکی زۆر ئاسایی و بەجێیە. ئەو کۆیلەیەی گوێ لە مستی ئاغاکەی نەبێت بە "قەمچی بیراز دەکرێ" ئێمە پێشتر باسی ئەم بابەتەمان کردبوو. بەمجۆرە دەبینین بیراز کردنی کۆیلە بە قەمچی شتێکی ئاساییە و هیچ خەوشێك هەڵناگرێ. ئینجیل زۆرجار دەڵێ،" ئەگەر زللەیەکیان لێ دای، خێرا لاڕوومەتەکەی دیکەشت بخەرە بەردەس تا لێی بدەن." تۆ بڵێی ئەم دەستووره ئاغاکانیش بگرێتەوە؟ ئاشکرایە کە نا، چونکا ئەمە حوکمێکی تایبەتە و هەر کۆیلەکان دەگرێتەوە. ئاغاکان حوکمێکی دیکەیان بۆ دیاری کراوە. بڕوانن: « کۆیلەی گەلۆر و بێ کەڵك وەدەر بنێ، بیانخەرە ناو تاریکی، ئەو جێگایەی دەنگی دیانەجیرەی لێ بەرزە» ئایا ئەمە ئاکار و ڕەوشتێکی دووفاقی نیە و بڕەودانی دوو جۆرە ئەخلاق نییە؟

هەر چینێکی چەوسێنەر هەوڵدەدات ئاکار و ئەخلاقێك بەسەر ڕەنجدەراندا بسوێ کە باشتر بتوانن دەست و پێیان لە گۆ بخەن و چاکتر شەتەکیان بدەن. ئەمانە وا لە ڕەنجدەران دەکەن نەرم و نیان و سەرلەپێناو بن تا "بارە گوێڕیان لێ بنێن خرەی نەیەت". بە گوێیاندا دەکەن و پێیان دەڵێن: " خۆش بە حاڵی ئەو کەسانەی سوکایەتییان پێدەکرێ" ئەمانە هەوڵ دەدەن ڕەنجدەران بە دەرهەڵ نەبوون و ناسەربزێوی لە ئاست زوڵم و زۆرداری قایل بکەن. ئێستا پرسیار ئەوەیە داخوا خۆشیان هەمان ئەخلاق و ئاکار پەیڕەو دەکەن؟ داخوا چەوسێنەران مل بەم ڕەوشتە سووکوسەلیم و کۆیلەپەروەرانەیە دەدەن؟ نا، ئەوانە بۆخۆیان هەڵسووکەوتێکی دیکەیان هەیە، ئەخلاقێکی تەواو بە پێچەوانە، ئەخلاقی بێ بەزەییانەی دڕندی خوێنخۆر.

ئاشکرایە کە فزنەکردن و شان داخستنی چەوساوەکان تەواو بە قازانج و لە بەرژەوەندی چەوسێنەراندایە. کلیسا لە روسیای قەیسەریدا زۆر بە وریایی و لێزانییەوە



کەڵکی لەم ڕستەیەی ئینجیل وەردەگرت کە دەڵێ:« وتیان هی قەیسەرە، ئینجا پێی وتن: کەواتە ئەوەی هی قەیسەرە، بیدەن بە قەیسەر، ئەوەش کە هی خودایە بیدەن بە خودا.» [ ئینجیلی ناسراو بە مەتتا، بەشی ٢٢، ئایەتی ٢١]. کلیسا گوێگرەکانی فێری ئەوە دەکرد کە دەبێ لەبەرامبەر خاوەن زەویوزار و سەرمایەدارەکان هەروەها قەیسەر و ژاندارمەکانیدا ملکەچ و خۆنەویست بن. کەسایەتییە ئایینییەکان بەردەوام و بێ‌هەدا لە هەزاران سەکۆ و مەنبەرەوە دەیانتووڕاند و ئەو حوکم و دەستورانەیان بە گوێی هەزاران هەزار جوتیاری بەستراوە بە زەوی و پاشان کرێکاران و وەرزێراندا دەدایەوە. ئەمانە کەسانێك بوون کە ژیانی کوڵەمەرگانەی ڕاستەقینە بەرەو ڕاپەڕین دژی روسیای قەیسەری و زوڵم و زۆرداری زەویدارەکان و سەرمایەدارەکان ڕایدەکێشان.

ئێستا مەسەلەی ئەخلاق بە هەرجۆرێك لێکبدەینەوە، هەر دەگەینە سەر ئەو ڕێگایەی کە ئینجیلەکان ئەم بابەتە تەنیا بە قازانجی چینە چەوسێنەرەکان یەك لایی دەکەنەوە. ئایا دەبێ کرێکار بڕوای بە هێزی خۆی هەبێ و لەسەری ڕاوەستێ؟ ئایا دەبێ تێکۆشەر و ئازا بێ؟ ئایا پێویستە لە پێناو ژیانێکی باشتردا نەسرەوێ؟

با بزانین ئینجیلەکان چۆن وڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە. هەموو ئەخلاق و ڕەوشتی ئینجیلی خۆی لە گوتارەکەی عیسا «ئامۆژگارییەکانی سەر کێو» دەبینێتەوە و لەوێدا شییکراوەتەوە. ئەم ئەخلاق و ڕەوشتە لە ڕاستیدا پوختەی بیروبۆچوونی کۆیلەدارییە. «خۆزگە دەخوازێ بەوانەی هەژارن لە ڕۆح، چونکا پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئەوانەنە»[ ئینجیلی ناسراو بە مەتتا، بەشی ٥، ئایەتی٣]. هەژارانی ڕۆح یانی خەڵکی نەفس نزم، ترسەنۆك و گەوج. « خۆزگە دەخوازێ بە دڵنەرمەکان، چونکا زەوی بۆ ئەوانە بە میرات دەمێنێتەوە»[ هەمان سەرچاوە، بەشی ٥، ئایەتی٥]. لێرەشدا دڵنەرمەکان یانی گوێ لە مست، یانی ئەوانەی وەك کەر و گا نیریان لە ئەستۆیە و نقەیان نایەت. ئەوانەن کە خوویان بە قەمچی گرتووە . بێ گومان کرێکارانێکی ئەوتۆ کە گوێڕایەڵ، دڵنەرم و لە ڕۆحدا هەژار بن و نەزانن بۆچیی وایان لێ بەسەرهاتووە و

تووشی ئەو هەموو چەرمەسەریانە بونەتەوە، باشتر  بەکەڵکی دادۆشین و چەوسانەوە دێن. ئاشکرایە ئەوانە کرێکارانێکیان دەوێ کە لە بیری خۆدەربازکردن لەو مەینەتییانە نەبن و داوا لە خاوەنکار نەکەن، ڕێز لە شەرافەتی ئینسانییان بگرێ و هەوڵ نەدەن خۆیان بەرزکەنەوە. ئینجیل بەتایبەت رووی دەمی دەکاتە ئەمانە و بە ئاگایان دەکاتەوە کە:«ئەوەی خۆی بەرزکاتەوە نزم دەکرێتەوە» [ ئینجیلی ناسراو بە مەتتا، بەشی ٢٣، ئایەتی١٢]. بەپێچەوانە »ئەوەش خۆی نزم کاتەوە بەرزدەکرێتەوە»[ هەمان سەرچاوە]. کەوابوو ئەی "کابرای" کۆیلە، لەبەر دەم خاوەنەکەتا چۆکدا بدە، لە بەردەمیدا خۆت لە لیتە هەڵبکێشە، چونکا لە پاش مردن سەرفراز دەبی.

سەد ساڵ پێش ئێستا، زانایەکی ئاینیی خەڵکی فەرانسە بە ناوی « لامنە Lamenais» تیۆرییەکی تایبەتیی هێنایە گۆڕ. بە پێی ئەم تیۆرییە فێرکردەکانی ئینجیل بە قەوارەیەکی سوسیالیسی دەقەبڵێندرا. دەوترا ئەگەر چینی کرێکار دەیەوێ سەربکەوێ، دەبێ ئەم فێرکردانە ڕەچاو بکا و لێی فێر ببێ. ئەم کابرایە قوتابیان و لایەنگرانێکیشی دۆزیەوە و لە دەورەی ئالان. ئەم «سوسیالیزمی مەسیحییە» هەرچەند دەورێکی گرینگی لە ژیانی سیاسی مرۆڤدا نەگێڕا، بەڵام هەرچی چۆنێك بێت، لە هەموو ئوروپادا برەوی ساند.

سوسیالیستە مەسیحییەکان لە کات و سەردەمێکدا سەریان هەڵدا کە چینی کرێکاری ئوروپای ڕۆژئاوا ئاڵای خەبات لە دژی سەرمایەداریی دەشەکاندەوە. زانا ئاینییەکان بە ئاشکرا دەیاندیت کە ڕقی چینی زەحمەتکێش لە دژی رژیمی چەوسێنەران ئەستوورتر دەبێ. هەستیان کرد بەرە بەرە ویژدانی چینایەتی کرێکاران سەر بەرز دەکاتەوە و فروفیشال و لایەنە درۆزنانەکانی بیروڕای ئاینییان بۆ دەردەکەوێ، دەبوو ئامرازێك ببیننەوە تا چینی کرێکار لە شۆڕش لا بدات. بەمجۆرە بوو کە بەشێك لە زانا ئاینییەکان دەستیان بۆ ئەو "مانۆڕە" فێڵاویانە درێژ کرد. ریاکارانە لە دژی خاوەن بانکە گەورەکان و دەوڵەمەندە مەزنەکان سەریان بەرزکردەوە. ویستیان بڕوا و متمانەی چینی



کرێکار بەرەو لای خۆیان رابکێشن. دەیانوت:" کرێکاران، ئێوە کە دوژمنایەتی سەرمایەداری دەکەن، ئەوە بزانن کە ئینجیلیش دوژمنی سەرمایەدارییە! بەلام ئەم برینە بە هەتوانی شۆڕش لە دژی نیزامی سەرمایەداری ساریژ نابێت. بەڵکو دەبێ ملی ڕێگای بنەماکانی ئینجیل بگرینە بەر و لەم ڕێگایەوە پەیڕەوی لە خۆشەویستی هاونەوع و پاراستنی ئاسودەیی و ئاسایش و پێکەوە ژیانی چینەکان بکەین.

ئەمرۆ هێشتا دەبینین کە هەروا فکرەی ئاینیی پێکەوە ژیانی چینەکان جاڕدەدەن، کە هەر زەرەری بۆ کەێکاران هەیە.

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر بەشێك لە زانا ئاینییەکانی ئۆرتۆدۆکس کە خۆیان بە" کلیسای زیندوو" ناودەبرد، دەستیان بە بڵاوکردنەوەی «سوسیالیزمی مەسیحی» کرد. « ئا. و. ودنیسکی A. V. Vedneski» زانای ئاینی و ڕابەری فکریی قوتابخانەی «سوسیالیزمی مەسیحی» گەفی ئەوەی لێدەدا کە ئینجیلەکان ژێدەر و کتێبی سوسیالیستین و (مەسیح)ی بە یەکەم سوسیالیست ناودەبرد.  ناوبراو دەیوت: کتێب و نووسراوە مارکسیستییەکان هەمان ئینجیلن! کە بە قەڵەم، وشە و دەربڕینی بێدینەکان نووسراون.!

«ودنسکی» بە کەیفی خۆی ئایەی دیاری کراوی لە ئینجیلەکان هەڵدەبژارد و وەك نمونە بۆ سەلماندنی بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆی بەکاری دەهێنا. ناوبراو دەیوت:، ئینجیل وتوویەتی کە هەموو ئینسانەکان پێکەوە بەرابەرن، جا ئەگەر پێکەوە بەرابەر بن، نابێ بەسەر دەوڵەمەند و هەژار دابەش ببن. مەبەستی لەم قسانە ئەوە بوو دواتر بڵێ، ئینجیل بۆ کۆمەڵگایەکی بێ چین نووسراوە. «ودنسکی» هەروەها دەیوت، مەسیح قەت خوازیاری ئەوە نەبوە کە لەبەرامبەر بەدفەڕی و خراپەدا بێدەنگ بین و سەر دابخەین. بە پێچەوانە، چما خۆی بە دەستی خۆی کاسبکارەکانی لە کلیسا وەدەر نەنا؟ ئێستا ئەگەر «لئۆ تۆلستۆی » بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئینجیل خوازیاری سەرداخستن و بێدەنگەکردن لە بەرامبەر خراپەکاری و بەدفەڕییە، ئەمە ڕاست نیە و

تاوانێکە و بە مەسیحەوە نراوە. تەنانەت جارێکیان «ودنسکی» لە کۆبوونەوەیەکدا وتوویەتی: «زەحمەتە کەسێك بتوانێ تاوانێکی هێندە بێشەرمانە لە کەسێك بدا، کە تۆلستۆی لە (مەسیح)ی داوە»

«تۆلستۆی» نووسەری ناسراو، کاتی خۆی لە دژی ئاینێك سەری بەرزکردەوە کە کلیسای ئۆرتۆدۆکس بە یارمەتی پۆلیس بانگەشەی بۆ دەکرد. تۆلستۆی لە شوێنێکدا نووسیویەتی:« ئەو ئاینەی کە ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی کلیسا بڕەوی پێ دەدەن و بڵاوی دەکەنەوە و بەسەر خەڵکیدا دەسوون، نەك هەر ماکی درۆیە، بەڵکو فریودەرانە و بێ شەرمانەشە». تۆلستۆی بۆخۆی باوەڕی بە لایەنی گۆیا «خودایی» عیسا و خوڵقان و لەدایك بوونەکەی بە فووی رۆحی پیرۆز نەبوو، باوەڕی بە مۆجیزاتەکانی عیسا نەبوو کە لە ئینجیلەکاندا باسیان لێوە کراوە. هەروەها پێیوابوو کە ئینجیلەکان کەلام و قسەی خودا نین. بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کە دەتوانین شتی باشی سەرەکی و بنەما بۆ ڕێوشوێنی ژیانێکی شیاو و ئەخلاقی لە ئینجیلەکاندا بدۆزینەوە! وکوو: «دڵت لە کەس نەیێشێ، شوین گەندڵی مەکەوە، سوێند مەخۆ، لە گەڵ کەس تێکهەڵمەچۆ، شەر مەکە،...» تۆلستۆی ئەمانە بە بنەما و ماکەی ژیان دەزانێ و لە ئینجیلی دەرکێشاوە و بە بنەمای ئینجیلیشیان دەناسێ و ناوی "بنەڕەتی ئەخلاقی باش بۆ ژیان"ی لە سەر دادەنێ، بەوە دەزانێ کە مرۆ لە بەرامبەر خراپە و بەدفەڕیدا دەست بۆ بەربەرەکانێ و توندوتیژی نەبات! تۆلستۆی نووسیویەتی:« لەبەرامبەر بەدفەڕەکاندا بەرگری لەخۆتان مەکەن! قەت بە هیچ شتێك بەرگری لەخۆتان مەکەن، ئەگەر کەسێك زللەیەکی لە لای ڕاستت دا، لا روومەتەکەی تریشی بخەرە بەردەست! تەنانەت لەبەرامبەر سەگی هاریشدا بەرگری لە خۆتان مەکەن! بەرگری لە هاوتەمەنەکانیشتان مەکەن، ئەوەدەمی کە وەبەر شاڵاوی سەگی هار دەکەون! چما ئینجیل ناڵێ:« لە بەرامبەر خراپەدا دەست مەبزێون» ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لەبەرامبە سەگی هاریشدا دەست ڕاگرن.



«ودنسکی» لە گەڵ ئەمجۆرە تەفسیر و شیکردنەوەی ئینجیلدا نەبوو، بە هەڵەی دەزانێ، بەڵام نەیدەتوانی بەرپەرچی هەموو ئەم قسانە بداتەوە، چونکا بەڕاستی ئینجیلەکان ڕێوشوێنی سەرداخستن لە بەرامبەر خراپە و بەدفەڕی بڵاو دەکردەوە. ڕاستە لە ناو ئینجیلەکاندا دەتوانین وتە و دەربڕینی وا ببینین کە بۆنێکی دیکە و بەپێچەوانەیان لێ‌بکرێ. وەکوو هەڕەشە و جنێو و لەعنەت ناردن بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە دیانەتی مەسیح نیە و دیانەتێکی‌دیکەیان هەیە. پێشتر باسی قسەی دژ بەیەك و ناکۆك لەسەر ڕەوشت و ئەخلاقی ئینجیلیمان کرد، بەڵام دەبێ بڵێین کە لە گەڵ ئەوانەشدا بە گشتی ئەم قسە جیاواز و ناکۆکانە بە ئامۆژگارییەکانی لەمەڕ ڕانەوەستان لە بەرامبەر خراپە و نەفس نزمی ئینسان دەبەستنەوە . هۆکارەکەشی بەوە دەزانن کە پێشتر لە »پەیمانی کۆن«دا واتە »تەورات« فکرەی تۆڵە ساندنەوە (چاو لە بەرامبەر چاو و ددان لەجیاتی ددان) هاتووە. ئێستاش ئیتر فکرەی لێبووردەیی گشتی و ڕانەوەستان لەبەرامبەر خراپە و بەدفەڕی بۆ یەکەم جار لە دەق و نووسراوەکانی مەسیحییەت و لە ئینجیلەکاندا هاتۆتە گۆڕ. کەوابوو وتە و بانگەشەکانی «ودنسکی» زۆر هەڵە و بێ بناخەیە کە دەڵێ:« ئینجیلەکان سڕوکڕ بوون و بێ دەنگەیی بڕەو نادەن» ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەش کاکڵە و ناوەڕەکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان خۆیان ڕاستەوڕاست ئەو فڕوفیشاڵانە بەرپەرچ دەدەنەوە کە دەڵێن گۆیا بیروڕوانگەی مەسیحی لە گەڵ: بیروبۆچوونی سوسیالیستیدا یەکدەگرنەوە.

لە ئینجیلەکاند باس لە »برایەتی« دەکرێ. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە سیستمی چینایەتی بنکۆڵ بکرێ و خەڵك لە هەموو کۆمەڵگادا بەرابەر و برایانە بژین. بە پێچەوانە، مەبەستیان ئەوەیە دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر چینی جیاوازدا بپارێزن، بیهێڵنەوە و بەردەوامی بکەن. ئینجیل برایەتی لە نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران ، لە نێوان چەوساوان و چەوسێنەران بڵاو دەکاتەوە، بەڵام بەو مەرجەی کە هەژاران هەر هەژار و مەینەتبار و چەوساوە بمێننەوە. دەوڵەمەندەکانیش بتوانن لەسەر ڕێچکەی چەوسێنەرانەی

خۆیان مل بکوتن. بە بۆچوونی ئینجیل «ئیعازر»ی هەژار و بێ ئەنوا برای ئەو دەوڵەمەندەیە کە لەبەر درگاکەی درێژ بووە و پەکی بە پارەوە نانێك کەوتووە. بەڵام ئینجیل هەرچەند پێ لەسەر ئەو برایەتییە دابگرێ، هیچ کەڵکی نابێ، هەمووی خۆڕاییە، چونکا ناتوانێ دڕووێك لە قاڵبی «ئیعازر» دەربێنێ. واتە ئەو هەروا هەژار و بێ ئەنوا و نەخۆش و برسی دەمێنێتەوە. دیارە لە هەلومەرجێکی ئاوادا کابرای دەوڵەمەند هیچ لاری لەوە نیە کە »ئیعازر» ئەو بە برای خۆی بزانێ. بە پێچەوانە، ئەمە بە قازانجیشیەتی ئەگەر بێتوو هەژارەکان بە چاوی "برا"ی خۆیان سەیری بکەن و هەوڵ نەدەن دەسەڵات و قازانجە مۆڵەکانی لە دەست دەربێنن. چەوسێنەران جا لەهەر تاقم و توێژ و چینێك بن، لە قووڵایی دڵەوە هەمیشە ئەو جۆر برایەتیەیان پێخۆشە و گەزگەز بالای پێدەگرن. چونکا ئەمە بە چاکترین ئامراز و هۆکار دەزانن، تا بتوانن هێز و دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بچەسپێنن. ئایا سوسیالیزم ئەمەیە؟ بێ گومان نا. بە پێچەوانە، ئەم جۆرە بیر و بۆچوونانە لە دژی سوسیالیزمن و هیچ فڕێکیان بەسەر سوسیالیزمەوە نیە.

ئەو چەند ڕستەیەش کە لە ئینجیلەکاندا لە دژی دەوڵەمەندان هاتووە، قەت بۆ ئەوە نیە هێرش بکاتە نیزامی داگیرکارانە و لەبەرامبەریدا بوەستێ. لایەنگرانی سوسیالیزمی مەسیحیی بە هەموو توانا و کردوکۆشی خۆیانەوە هەوڵ دەدەن لەبەرامبەر ئەم ڕاستیانەدا بێ دەنگ بن و ئەوە نەڵێن کە ئامانجی بیروبۆچوونی ئینجیلی ئەوەیە کە زۆرلێکراوان لە گەڵ زۆرداران ئاشت بکاتەوە، ئەوەیە کە ڕەوتی ستەم و زۆرداری بەردەوام، جا بە هەرجۆرێك دەست بدات، بچێتە پێش و پلەی بالادەستی زۆرداران لە کۆمەڵگادا هەروا بەرز بمێنێتەوە.

بەر لە سەد ساڵ پێش ئێستا زانایاکی زانستی ئابووری لە وڵام بە نووسەرێکی کۆنەپارێزی ئاڵمانی کە پێی وابوو " بنەما کۆمەڵایەتییەکانی مەسیحییەت بە قازانجی کرێکارانە" نامیلکەیەکی ڕەخنەگرانەی لەسەر ئەو بابەتە بڵاوکردەوە. ئەم زانایە زۆر بە



توندی بەرپەرچی ئەو فرۆفیشالانە و ئەو بنەما کۆمەڵیەتییانەی دایەوە کە لەسەر بنچینەی حوکم و دەستورە ئینجیلییەکان دارێژرابێ. نووسیویەتی:

"بنەما کۆمەڵایەتییەکانی مەسیحییەت بەئاشکرا و ڕەپوڕاست بڵاوکەرەوەی بیری بوردەباری و ملکەجبوون بە هەموو شتێک و نزمایەتی، ترسەنۆکی و بێغیرەتین. ئەم ڕێوشوێنە بە ڕێڕەوەکانی ڕادەسپێرێ کەسایەتی خۆیان سووک چاولێبکەن و نەفس نزم بن. بیروباوەری ئینجیلی لەدژی هەموو ئەو تایبەتمەندییە "شۆڕشگێڕانە" و " ئینسانیانە"یە کە چینە ژێردەستەکان پێویستیانە تا بەچاوی پڵتە و کرێـژی کۆمەڵایەتی سەیر نەکرێن. جەسارەت، ئازایەتی، متمانە بە خۆیی، سەربەرزی، سەربەخۆبوون لە بیرکردنەوە گرینگتر لە نانن و ئینجیل بە ئامۆژگارییەکانی خۆی مرۆڤ لەم تایبەتییانە دادەشوا. بنەما کۆمەڵایەتییەکانی مەسیحییەت لە بازنەی دووروویی و فریوکاریدا جێگایان دەبێتەوە، لە حاڵێکدا چینی زۆرلێکراو شۆڕشگێڕە."

بنەما و شێلەی بیروباوەڕی ئینجیلی لەو ئامۆژگارییانەدایە کە دەڵێ کەسایەتی خۆت بە کەم بگرە، سووک چاو لە خۆت بکە، بوردەبار و ملکەج بە و لە پێناو خوادا خۆت بفەوتێنە. ئەم تایبەتمەندییانە بە هیچ جۆرێک لە گەڵ سروشت و ورەی ڕەنجدەرانی شۆڕشگێڕدا یەک ناگرنەوە. هەروەها لە ڕاستیدا قەت کەسێکی بەڕاستی پێشکەوتووی ڕووناکبیر نابینیتەوە کە بتوانێ لە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی خۆیدا بە پێی ئەو بنەمایانە بە ڕێگادا بڕوا. ئەخلاقی ڕاست و ڕاستەقینە ئەوەیە کە شەرافەتی ئینسانی بەرز بکاتەوە، نەک ئەو هەست پێکردنەش بخنکێنێ. کەوابوو ئەم بیروبۆچوونە ئینجیلییە کە مرۆ بەرەو ئەوە هەڵدەخرێنێ کە خۆی کەسایەتی خۆی نزم چاو لێبکا، یان لەبەرامبەر خراپە و بەدفەرپیدا ملکەج و دەستەوەستان بێ. ئەمە لە هیچ شوێنێکدا لە گەڵ بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی

سوسیالیستی و تەنانەت لە گەڵ ئەخلاقی هەر مرۆڤێک کە ڕێز کە کەسایەتی خۆی دەگرێ یەک نایەتەوە.

کۆتایی بەشی هەشتەم

درێژەی هەیە